

هۆنراوەی شاڵاو

# بۆ ئەو

ئەی کچۆلەی جوان ووردیلەی نەشمیل
ئەی دڵ تاوێ ناز تاوێکی تر دیڵ
خۆت نەخەیتە ژێر باری دڵداری
هێشتان نازانی ئێش وئازاری

زۆری تر هاتن هەر وایان فەرموو
لای من یەک ڕوو بوون خۆیان هەزار روو
بوون بەیادگاری و لەدڵمدا مان
تاکو تەمەنی عیشقیم بەسەر چوو

بەڵێ دەردی دڵ لای من زۆر ڕوونە
دەردێکی سەختەو پڕ لەهەڵ چوونە
بەسەرهاتی من هەر دابڕانە
ڕۆژم تاریکەو شەوم گریانە
بۆیە کچۆلەی دل پڕئاگرو نوور
لەمنی عاشق زۆر بکەوە دوور

فرمێسک نەما لە چاو بێتە خوار
خەلک یەک خەم و خەمی من هەزار
تۆ باخێکی جوان گوڵدانت دەوێ
پایزە لای من کوا لای من بەهـــار

تۆ دورو من دوور گوڵم وا نابێ
نەمزانیوە گوڵ لە دوور ڕوا بێ
گەر کەسێک نەبێ ئاوپرژێنی کا
مەگەر ئەم کارە کاری خوا بێ